پرسیارم لە عبداللەی کوڕی عەمرو کرد لە خراپترین شت کە موشریکەکان بەرامبەر پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەنجامیاندا، ووتی: عوقبەی کوڕی ئەبی موعیتم بینی، هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەکاتێکدا ئەو -صلى الله عليه وسلم- نوێژی دەکرد، جلەکەی توند کرد لە ملی (بۆئەوەی) بە تووندی بیخنکێنێت

لە عروەی کوڕی زوبەیرەوە دەڵێت: پرسیارم لە عبداللەی کوڕی عەمرو کرد لە خراپترین شت کە موشریکەکان بەرامبەر پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەنجامیاندا، ووتی: عوقبەی کوڕی ئەبی موعیتم بینی، هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەکاتێکدا ئەو -صلى الله عليه وسلم- نوێژی دەکرد، جلەکەی توند کرد لە ملی (بۆئەوەی) بە تووندی بیخنکێنێت، ئەبوبەکر هات وپاڵی پێوە نا ودووری خستەوە لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ووتی: {أَتَقْتُلُونَ رَجُلًا أَنْ يَقُولَ رَبِّيَ اللَّهُ وَقَدْ جَاءَكُمْ بِالْبَيِّنَاتِ مِنْ رَبِّكُمْ} [غافر: 28] واتە: {ئایا (چۆن) پیاوێك دەكوژن؟ لەبەرئەوەی دەڵێت: خوا پەروەردگارمە كە بەڕاستی چەند بەڵگە و موعجیزەی ڕوونی لە پەروەردگارتانەوە بۆ هێناون}.

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

عروەی کوڕی زوبەیری کوڕی عەوام -ڕەحمەتی خوای لێبێت- پرسیاری لە عبداللەی کوڕی عەمرو کرد -ڕەزای خوایان لێبێت- سەبارەت بە خراپترین شت کە موشریکەکان بەرامبەر پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- کردیان لە ئازاردان وزیانلێدان، ئەویش (عبد الله) ووتی: عوقبەی کوڕی ئەبی موعیتی بینی هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەکاتێکدا ئەو -صلى الله عليه وسلم- نوێژی دەکرد لە نزیکی کەعبە (لە حیجری کەعبە)، عوقبە جلەکەی توند کرد لە ملی پیرۆزی بۆئەوەی بە تووندی بیخنکێنێت، ئەبوبەکر هات وپاڵی پێوە نا وعوقبەی دوور خستەوە لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ودەیووت: {أَتَقْتُلُونَ رَجُلًا أَنْ يَقُولَ رَبِّيَ اللَّهُ وَقَدْ جَاءَكُمْ بِالْبَيِّنَاتِ مِنْ رَبِّكُمْ} [غافر: 28] واتە: {ئایا (چۆن) پیاوێك دەكوژن؟ لەبەرئەوەی دەڵێت: خوا پەروەردگارمە كە بەڕاستی چەند بەڵگە و موعجیزەی ڕوونی لە پەروەردگارتانەوە بۆ هێناون}. ئەمە خراپترین شت بوو کە بینی -ڕەزای خوای لێبێت-، عروە گێڕانەوەیەکی لەمە سەختتری پێگەیشت لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- خێزانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، عائیشە پێی ووت: کە بە پێغەمبەری وتووە -صلى الله عليه وسلم-: «ئایا هیچ ڕۆژێکت بەسەردا هاتووە ناڕەحەتتر لە ڕۆژی (جەنگی) ئوحود؟ فەرمووی: «زۆر ناڕەحەتی وئازارم بینی بە دەستی قەومەکەت؛ ناڕەحەتترینی ئەوەی بەرامبەر من کردیان لە ڕۆژی عەقەبە بوو، کاتێک (بانگەوازەکەم:بانگەوازی ئیسلامم) پیشاندا بە ئیبن عەبدیالیل کوڕی عەبدکولال، وەڵامی نەدامەوە بۆئەوەی ویستم، بۆیە دەرچووم وبە خەفەت ونا‌ڕەحەتیەکی زۆرەوە (بەشێوەیەک نەمدەزانی بەرەو کوێ دەچم)، ئاگام لێنەبوو هەتاوەکو گەیشتم بە قەرنی سەعالیب (قَرْنِ الثَّعَالِبِ)، سەرم بەرزکردەوە، هەورێک سێبەری بۆم دروستکردبوو، سەیرم کرد جبریل -علیه السلام- بانگمی کرد، فەرمووی: «خوای گەورە قسەی قەومەکەتی بەرامبەر بە تۆ بیست، وئەو ڕەتکردنەوە ونکۆڵی کردنەیانیشی بەرامبەر بە تۆ بیست، وفریشتەی شاخەکانی ناردووە بۆئەوەی فەرمانی پێبکەیت لەسەریان بەهەرشتێک بتەوێت، فریشتەی شاخەکان بانگمی کرد، وسەلامی لێکردم، وپاشان فەرمووی: «ئەی موحەمەد، خوای گەورە قسەی قەومەکەتی بەرامبەر بە تۆ بیست، ومن فریشتەی شاخەکانم، وپەروەردگارم منی ناردووە؛ بۆئەوەی بە فەرمانی خۆت فەرمانم پێبکەیت، بە هەرشتێک بتەوێت، ئەگەر بتەوێت دوو شاخەکە* دەدەم بە یەکتردا (بۆئەوەی لە نێویدا تیا بچن)، پێغەمبەر

-صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «هیوام ئەوەیە خوای گەورە لە نەوەکانیان کەسانێک دەربهێنێت؛ خوای گەورە بە تەنها بپەرستن وهیچ هاوبەش وشەریکێکی بۆ بڕیار نەدەن» [متف عليه]. *(دوو شاخەکە: کە لە بەرامبەر یەکن وئەوان لە نێویدا دەژین)

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/11159